# ئایین نامەی هەلبژاردنی محەلی بۆ کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

هەلبژاردنی محلی بۆ کۆنگرەی سىیەمی حیزب لە رۆژی 1-2-2005 دەست پی دەکات و لە رۆژی 25-2-2005 کۆتایی پی دیت.

ژمارەی ئەو نوینەرانەی کە لە هەلبژاردنی محلی هەلدەبژیردرین 70 نوینەرە , کە بەم شیوەیە دابەش کراوە بە سەر ریکخراو و کۆمیتەکاندا:

ریکخراوی کوردستان 15 نوینەر.

ریکخستنەکانی کەرکوك و شاری موصل 13 نوینەر

ریکخستنەکانی بەغداد و دەوروبەری 18 نوینەر

ریکخستنەکانی بەسرە 7 نوینەر

ریکخستنەکانی ناسریە 2 نوینەر

ریکخراوی دەرەوەی وولات 15 نوینەر

3-هەلبژاردن بە شیوەی نهینی وسەربەخۆیە, هەر ئەندامیك ئازادە لەوەی کە لە چ بازنەیەکی هەلبژاردندا خۆی کاندید دەکات, بەلام دەبێ تەنها لە بازنەکەی خۆیدا دەنگ بدات.

4-دەرچوون لە هەموو بازنەکانی هەلبژاردندا بە شیوەی ریژەییە, واتە ئەو ئەندامانەی کە زۆرترین دەنگ بە دەست دینن دەبن بە نوینەری کۆنگرە.

5-دیاری کردنی ژمارەی نوینەرانی هەر بازنەیەکی هەلبژاردن بە پیی ژمارەی ئەندامانی ئەو بازنەیەیە.( بە لە بەر چاو گرتنی گرنگی و جیگاو ریگای ئەم یان ئەو بازنەیە).

6-ئەو ئەندامانەی کە تاکو مانگی 12-2004 ئابوونەی ئەندامەتیان نەداوە مافی خۆ کاندید کردنیان نیيە , وە ئەو ئەندامانەی کە 6 مانگ و زیاتر ئابوونە قەرزارن مافی دەنگدانیان نیيە.

7-ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوی خۆیان کاندید بکەن دەبی بە شیوەی رەسمی و بە نوسراو داواکاری پیشکەش بکەن.

8-لە سەر ئەندامان پیویستە کە دەنگ بۆ ژمارەی دیاریکراو یان کەمتر لە ژمارەی دیاری کراوی ئەو بازنەیە بدەن کە هەلبژاردنی تیا دەکەن , بە پیچەوانەوە دەنگ دان بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە ژمارەی دیاری کراو مافیان دەفەوتینی.

وە لە کاتی جیا کردنەوەی دەنگەکاندا دەبی پیش هەموو شتیك تاکید لەم خالە بکری لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی هەلبژاردنەوە .

9-استمارەیەکی تایبەت لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی هەلبژاردنەوە ئامادە دەکری بۆ هەلبژاردنی محلی کە مۆر و ئیمزای لیژنەی بالای سەرپەرشتی هەلبژاردنی پیوەیە.

10- جیاکرنەوەی دەنگەکان لە هەر بازنەیەکی هەلبژاردندا بە سەرپەرشتی لیژنە فەرعیەکان وبە بەشداری 2 ئەندامی ئەو بازنەیە دەبیت.

11- پرۆسەی هەلبژاردن 2 قۆناغە:

لە 1-2 تاکو 10-2-2005 دەرگای خۆ کاندید کردن کراوەیە,

لە 11-2 تاکو 25-2-2005 هەلبژاردن دەکریت لە بازنەکاندا.

وە ئەنجامی هەلبژاردنەکان دەبیت لە رۆژی 28-2-2005 دا رابگەیەنری.

تیبینی: ئەو ئەندامانەی کە لە دوای رۆژی 25-1-2005 پەیوەست دەبن بە حیزبەوە مافی بەشداری لە هەلبژاردنیان دا نیيە.

12-لە ریکخراوە سەرەکیەکانی حیزبدا وەك ریکخراوی کوردستان و ریکخراوی دەرەوە لیژنەی فەرعی بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردن پیك دەهینری,

13- هەموو وەرەقە وبەلگەنامە کانی پەیوەست بە هەلبژاردن دەبیت لە ئەرشیفی لیژنەی بالای سەرپەرشتی هەلبژاردندا هەلبگیری تا کۆتایی هاتنی کۆنگرەی سىیەم.

14-هەر موشکیلە و ریگریەك لە بەردەم پرۆسەی هەلبژاردندا دروست ببی لە لایەن کۆمیتە حیزبیەکانەوە هەلدەسەنگینری و دوابریار لیژنەی بالای سەرپەرشتی هەلبژاردن دەیدات.

15- .....................

لیژنەی بالای سەرپەرشتی هەلبژاردنی کۆنگرەی سىیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2005-1-25